راگەیاندنی ژمارە 13ی سکرتاریەتی کۆمەڵە

# لە درێژەی نارەزایی بەربڵاو و گشتی لە کوردستان، کرماشان و ئیلامیش دەستیان دایە نارەزایەتی

رۆژی پێنج شەممە 13ی گەلاوێژی 1384، شارەکانی کەرەند، سەحنە، سەرپێڵ زەهاو و ئیلام، بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە جەنایەتەکانی رژیم و کەمتەرخەمی بەرامبەر بە داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان، واتە ناساندن و دادگایی کردنی بەرپێوەبەرانی کوشتنی شوانە سەید قادر و کوشتوبڕی شارەکان، دوکان و بازاڕیان داخست و مانگرتنێکی گشتییان لەو شارانەدا وەڕێخست.

لە لایەکی دیکەوە و هەر لە درێژەی ئەو نارەزایەتیانەدا، ئەمرۆ هەینی 14ی گەلاوێژ، شاری جوانرۆش بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە رژیم دەستیان دایە خۆپیشاندان و بەمجۆرە پشتیوانیان لە خواستەکانی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان کرد.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

14-05-1384

05-08-2005

---

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)3138**499
Mobile: **009647701515134**